گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1247 (PP182-196)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.12

توێژینەوە

# ئافرەت لە تابلۆ هونەرییەكانی (ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر)دا
## توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە

ساره سامی گەردی*
محمد حسین شوانی*

**پوختە**

بابەتی بنەماكۆمەڵایەتییەكان و ڕۆڵیان لە دیزاینكردنی شارەكاندا بە یەكێك لە بابەتە گرنگەكان دادەنرێت كە ئەندازیاری و زانستە كۆمەڵایەتییەكان گرنگی پێدەدەن ،چونكە بابەتی شارو شارنشینی بابەتی هاوبەشی بەشێكی زۆری زانستە كۆمەڵایەتی و ئەندازیاریەكانە، ئەم زانستانە پەیوەندییەكی بەهێزیان لەگەڵ ژیانی شاردا هەیە، شار تەنیا بیناسازی و شەقام و باڵەخانەكان نیە، بەڵكو چڕبوونەوەی دانیشتوان و پێكەوە ژیانی مرۆڤەكانیشە، بۆیە شارا ڕادەیەک هەڵسوكەوتیان دیاری دەكات. لێرەدا توێژینەوە لە بنەماكۆمەڵایەتیەكانی دیزاینی شارو بوارەكانی و تایبەتمەندییەكانی) لە جۆری توێژینەوەی تیۆری و شیكاری بۆ ڕوونكردنەوەو بەدەرخستنی ئەو كاریگەریانەی بنەما كۆمەڵایەتییەكانی وەک كولتوور، قەبارەی دانیشتوان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەیخەنە سەر دیزاینی شارو دابەشكردنی سێكتەرەكان بۆ ئەم قۆناغەی كۆمەڵگای ئێمە یەكێكە لە بابەتە پێویست و هەنوكەییەكان بە تایبەت بە شێوەیەكی زانستی توخم و تایبەتمەندییەكانی دیزاینی شار ڕوون بكرێتەوە لە ڕێكای چەند نموونەیەک لە پەرەسەندنی مێژوویی هەندێک شار و كاریگەریەكانی ئەو بنەما كۆمەلایەتیانە لەسەر دیزاینی شارەكان هەیانە، دوواتر بەراوردكردنی ئەو پەرەسەندن مێژووییە بە شارە كوردیەكان بە تایەبەت شارێكی مێژوویی و دێرینی وەكو هەولێر و ئەو گۆڕانكاریانەی لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا ڕوویانداوە ، كە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراوە ،لە كۆتایدا بەو ئەنجامە گەیشتوە كە بنەما كۆمەڵایەتیەكانی وەكو كلتورو دانیشتوان و پەیوەندیەكان بە بنچینەی دیزاینی هەر شارێک دادەنرێن و دیمەنە كلتوروهێمای كلتوری دەبنە ناسنامەی شارەكان.

* بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
sarah.hamad@su.edu.krd
Mohammed.Mohammed@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/05/01
پەسندكردن 2023/06/06
بڵاوكردنەوە 2024/04/15

**وشە سەرەكییەكان:**
بنەما كۆمەڵایەتییەكان،
دیزاینی شار،
كولتوور،
دیمەنی كولتووری،
هێمای كولتوور.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

پشتگوێخستنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دیزاینی شار، کاریگەری خراپ دادەنێت لەسەر مۆدێلە جیاوازەکانی شار و تەنانەت لەسەر ڕەفتارو هەڵسووکەوت و پەیوەندیەکانی دانیشتوانی شاریش.

دیزاینی شار بەهێنانە ئاراى ژینگەیەکی لە بار ، جوان و دادپەروەرانە لە شاردا، زۆر بەرفراوانترە لە دروست کردنی کۆمەڵێك بینا و شەقام و گەرەك فەزای تر . دیزاینی شار لە چەند زانستی لێك گرێدراو پێکدێ کە میتۆدەکانی بیناسازی و پلاندانانی شار، ئەندازیاری شارستانی و ئاوەدانکردنەوە لە خۆ دەگرێت. جگە لەوەی لەم پرۆسەیەدا پەنا دەبرێتە بەر کۆمەڵێک زانستی مرۆیی کە پەیوەندیان بە روانگەو جیهانبینی مرۆڤەکانەوە هەیە وەکو کۆمەڵناسی ، یاسا، جوگرافیای شار ، ئابووری شار و بەشە ئەکادیمیەکانیتری وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونناسی . چونکە لە شارە فرەکلتورەکاندا دیزاینەرەکانی شار هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی دادپەروەری لە شارەکان ،دەبنە پاڵپشتێك بۆ کەمینەکان، ژنان ، رەش پێستەکان و خەڵکی هەژار و پەراویزخراو ەکان . یان هەوڵ دەدەن لە رێگای دارشتنی دیزاینێکی سەردەمیانە، شۆرشێك لەسیستەمی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و فەزایی شاردا بکەن لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە و مۆدێرن، بە داخەوە تا ئێستا ئەم روانگەیە لەشارە دێرین و مێژووییەکانی ئێمەدا بوونیان نیە، لە کاتێکدا کوردستان یەکەم لانکەی ژیانی مرۆڤایەتی بووەو لێرەو شارستانی گەلان دەستی پێکردووە.

لەم توێژینەوەیەدا کە لە دوو بەش پێکهاتووە و هەر بەشێک چەند باسێک لە خۆ دەگرێت ، هەوڵدەدەین بنەما کۆمەڵایەتیەکانی دیزاینی شار روون بکەینەوە ، واتە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە ئایا ئەو بنەما کۆمەڵایەتیانە چین کە دیزاینەری شارەکان ناچار دەکەن ئاراستەکانی دیزاین بەو جۆرە بەرن یان ئەو مۆدێلەی دیزاین هەلبژێرن ، بۆیە لە بەشی یەکەمدا باسی رەگەزەکانی کلتور و دیمەنە کلتورو هیماناسی ناو شارەکان و دانیشتوان کراوەو دواتر کاریگەری ئەم رەگەزانە لەسەر دیزاین , لە بەشی دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر تایبەتمەندیەکانی دیزاین و بوارەکانی وەکو رەهەندە ئابوری و جوگرافی و ئەمانە, لە کۆتاییشدا وەکو پوختەی ئەنجامگیری ئەو ئەنجامانە خراوەتە روو کە توێژینەوەکە پیی گەیشتووە,

**گرفتی توێژینەوەکە**

دیاریکردنی پرسی سەرەکی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بە یەکێک لە بنەما و پرەتسیپە بنچینەکانی هەر توێژینەوەیەک دادەنرێت، گرفتی توێژینەوە خاڵی دەستپێک و سەرەتای ئاراستەکردنی توێژەرە, بۆ گەران و پشکنینی بابەتەکان بە دووای وەڵامی ئەو پرسە سەرەکیەدا، لەم توێژینەوەیەدا پرسی سەرەکی بریتییە لە پەیوەندی نێوان دیزاینی شاروبنەما کۆمەلایەتیەکان ، هەروەها ناسینی دیزاینی شارە لە رەهەندی کۆمەلایەتییەوە ، کە دەکرێت ئەم پرسە سەرەکیە لە رێگای گریمانەی زانستیەوە ورد بکرێتەوە و راستی و ناراستیان لە مەیداندا بسەلمێنرێت.

گرینگی توێژینەوەکە:

ئەو توێژینەوەیە دەوڵەمەند کردنی بابەتەکانی دیزاینی شار ەیە روونکردنەوەی چەمك و ڕەهەندەکان پەیوەست بەو لقە زانستیە روونکردنەوەی سەنگ و رۆڵی بنەما کۆمەڵایەتیەکان لە دیزاینی شار هەروەها رۆشنایی خستنەسەر بایەتی دیزاینی شار لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بایەخی تایبەتی هەیە کە پسپۆرانی تایبەت بەو بوارە سوودی لێوەردەگرن دیزاینی شار بۆتە بەشێك لە کەلتور و هزری فەلسەفەی سیستەمی شارنشینی

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

1. ناسینی چەمکی دیزاینی شار وەك لقێکی نوێی زانستی لەکۆمەڵناسی شاردا.
2. دەرخستنی رەگ و ریشەی بنەمای کۆمەڵایەتیەکان لە دیزاینی شار دا

وشە کلیلیەکانی توێژینەوەکە بریتین لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکان، دیزانی شار، دیمەنە کولتوور , هێمای کولتووری)

سنوری توێژینەوەکە : سنوری توێژینەوەکە بابەتییە کە پەیوەندی نێوان بنەمای کۆمەڵایەتی و دیزاینی شار لە رەهەندی کۆمەڵایەتی دەخاتە روو تاو توێی ئەو بنەما کۆمەڵایەتی یانە دەکاتکە ڕۆلیان لە دیزاینی شار هەیە لە رەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ، هەروەها ڕوونکردنەوەی دیزاینی شار و بوارو تایبەتمەندیەکانیەتی .

میتۆدی توێژینەوەکە :

شیوازی توێژینەوەکە لە جۆری شیکردنەوەی ناوەرۆکی چۆنیەتیە (شیکردنەوەی وەسفیە) (Descriptive analysis method ) کە ئەم میتۆدە سەرنج دەخاتە سەر لێکدانەوە و تێگەیشتنی جۆرێکی دیاریکراوی ناوەرۆک. بۆ نموونە، لەم توێژینەوەیەدا کە لەسەر بنەما کۆمەلایەتییەکانی شار دیزاینی و بوارو تایبەتمەندییەکانی بۆ گەیشتن بە پەیوەندی نێوان بنەمای کۆمەڵایەتی و دیزاینی شار لە

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە ، ئەم جۆرە توێژینەوەیە بایەخێکی زانستی زۆری هەیە، بە دوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت و دەیاندۆزێتەوە.

## 1. بنەما کۆمەلایەتیەکانی دیزاینی شار:

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو بنەما کۆمەلایەتیانەی لە دیزانی شارەکاندا کاریگەری زۆریان هەیە و دەبێ رەچاو بکرێن لە دابەسکردنی کەرتەکاندا ، ئەوانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1.1کولتووری شار:

کولتوور لە دووبەشی مادی و مەعنەوی پێك دێ کلتوری مەعنەوی بریتیە لە بەهاو نۆرم و بیروباوەری کۆمەڵگا. کلتوری مادیش رابردوویەکی مێژوویی هەیە و بەرهەمی پێشنیانە. وەك ئامرازەکانی ئیشکردن، بەرهەمی دەستی و پیشەیی و کشتوکاڵ جل و بەرگ ، مال ، چارەسەری پزیشکی خۆماڵی ، دروست کردنی خاونەبەرە و دەسکردەکانی مرۆڤ بە گشتی کەلتوری مادی ئەو شتانەن کە دروستکراون و دەبینرێن . دیراسەی کەلتوری مادی لە زۆر رووەوە سەرەنجی زانایانی ڕاکێشاوە زانستە جیاوازەکان بەپێ پسپۆری خۆیان لەم لقەی کەلتوریان کۆڵیوەتەوە و بۆتە هۆی وروژاندنی ڕەخنە و گۆرانکاری تیۆری لە زانستەکانی شوێنەوارناسی، ئەنترۆپۆلۆجی، جوگرافیا و مێژووی هونەر و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەو توێژەرانەی خەریکی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە جیهانی مادی(Lunn-Rockliffe et al, 2020)، بۆیە لە زانستەکای پەیوەست بە شارو شارنشینیدا کلتور یەکێکە لەو بابەتانەی رۆلی هەیە ، بە تایبەت کلتوری مادی چونکە پەیوەندیان بە دیزانی سارەوە هەیە وەکو ئامرازەکانی هاتوچۆ و کەرەستەکانی بیناسازی.

کلتووری مەعنەویش بریتی یە لە ئایدیا و هزری ئابستراکتی کۆمەڵگا دەکرێ ئاماژە بکەین بە چەند نموونەیەك وەکو رێزدانان بۆ یاساکانی هاتوچۆ ، خۆشویستنی شێوازی جل و بەرگ و ئاخافتن و ..هتد کلتوری مەعنەوی نامادییە بازنەی کلتوری مەعنەوی ئەو شتانە دەگرێتەوەکە ڕەهەندی چۆنایەتییانە هەیە وەك بیروبروای خەڵك، بەهاکانی کۆمەڵگا، یاساکان ، رەوشت ، زمان و هتد و بە ژمارە و چەندایەتی پێوانە ناکرێ.(کاکەسور،2012)، ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دیزاینی شارەکان وەک تەرخانکردنی رووبەریک بۆ پراکتیزە کردنی ئەو بیروباوەرو بۆنەو رێورەسمە ئاینی و کۆمەلایەتیانە وەکو ئەو شوینی خواپەرستی یان بۆنە کۆمەلایەتیەکان وەکو شوێنیک بۆ ئاگرکردنەوە و گۆرەپانیک بۆ راوەستانی خەڵک.

هەرچەندە توێژینەوە لەسەر کولتووری شارنشینی پێشینەیەکی کۆنی نیە ، بەڵام کلتوری شارنشینی لەگەڵ یەکەم دامەزرانی شارەکانەوە سەری هەڵداوە کولتووری شارنشینی لە رەهەندی بینایی و وزیفیەوە، دیاردەیەکی نوێیە و بەرهەمی قوناغی مۆدێرنە پێویستی بەکات و لێکۆڵینەوەی زیاترە تا خۆی بچەسپێنێ(Barnett , 2003: 53)

ژمارەیەکی زۆری زاناکان سەرقاڵی توێژینەوەو نووسین بوون لەسەر فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی شار و چەندین تیۆر و بۆچوونی گرنگیشیان لەسەر شرۆڤەی ژیانی شار و رۆڵی کلتور لە ژیانی هاووڵاتیان و فەزای شاردا خستۆتە روو ،دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو زانایانەی کۆمەڵناسی بکەین کە لە بواری شارو دیزانی شار و دیمەنە کلتوری شارەکاندا تویژینەوەی زانستی قوڵیان هەیە، کە هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمە ئەم بابەتانە بایەخی خۆیان وەرنەگرتووە، زاناکانیش وەکو رۆناڵد ئینگلهارت ، لۆیس ڤیرس، جۆرج زیمڵ ، فرانکۆ بیانجینی ، ئیمس را پاپۆرت، لۆیس مامفۆرد ، دەیڤید هارڤێی و کۆێن ئینج.

لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەم بوارەدا دەگەرێتەوە بۆ دەیەی 1930 لە ئەمریکا. پێشەنگی زانایانی ئەم

قۆناغەش، رۆناڵد ئینکلهارتە(1934 – 2021) کە بە نووسینی کتێبی گۆرانکاری کلتوری لە کۆمەڵگا پێشەسازییە پێشکەوتووەکاندا"دەستی دایە هەڵسەنگاندنی ئەو گۆرانکارییانەی بەسەر بەهاکان و کلتوری ئەو کۆمەڵگایاندا هاتووە،(فەنی ،38: 1388)

دافید هارڤێی((David Harvey 1935 پێیوایە شار بەرهەمی کلتورە، و فەزای شار لە رێی پرۆسە سروشتیەکانیەوە شێوەو شکلی تایبەتی خۆی وەرگرتووە و مرۆڤ هۆکاری دۆخی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و کلتوری شارە ،فەزای شار هەڵگری ئایدیا ، کلتور و سروشتە و رەنگدانەوەی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان، تەکنەلۆجیا ، بەهاکان و دامەزراوە مرۆییەکانە.(هارڤێی، 45:1996) زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی جۆرج زیمەڵ ١٨٥٨-١٩١٨ (لە وتارێکیدا بە ناوی ژیانی هزری )

و میترۆپۆڵ،کە تایبەتە بە کلتوری شار ، باسی توخمەکانی کلتور دەکا لە ناو شارەکاندا. زیمڵ باسی کاریگەری گەورەیی و بچووکی شوێنی ژیانی مرۆڤەکان دەکا لەسەر کلتور.(ساوج و وارد،1380: 157) .

ئیمس راپاپۆرت لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، جیاوازی هەیکەلی شارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی کلتورەکان، لە روانگەی راپاپۆرتەوە، شێوەی ژیان و سیستەمی چالاکییەکان، باشترین چارەسەرە بۆ ئەزموون کردنی کلتور بەڕای راپاپۆرت پلاندانانی شار بریتی یە لە رێکخستنی چوار فاکتەری قەزا ، هزر پێوەندی و زمان.(Rapoport, 197: 9-14)

شێوازی ژیان هەمیشە ئاماژەیە بۆ رەهەندەکانی وەك: بە باشتر دانان و پەسەندی کلتوریی و سەلیقە هەروەها پەیوەندی و هێمای بەپێگەی کۆمەڵایەتی یەوە ئاسانتر دەکا (بۆردیۆ، پێ وایە شێوازی ژیان چالاکی گەلێکی سیستەماتیکی یە لە حەز و سەلیقەی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ و لەسەر شێوەی هێمایەك ناسنامە دەدەنە تاك و گروپ لەنێوان توێژ و گروپە کۆمەڵایەتی جۆرا جۆرەکاندا جیاوازی دروست دەکەن، شێوازی ژیان چۆنیەتی نمایە شکردنی ئەو سەرمایەیە لەلایەن تاکەوە.(جبار ،2019: 9-10)

لۆیس مامفۆرد لە کتێبی"کلتوری شار"کە باسی رۆڵی کلتور دەکا لەسەر پەرەپێدانی شار، پێیوایە شار لە مێژوودا، لوتکەی چڕکردنەوەی دەسەڵات و کلتوری کۆمەڵگا بووە .(Mumford, 1938: 3).

ئۆلسن لە لێکۆلینەوەی رۆڵی کلتور لە سەرهەڵدان و پەرەپێدانی شارەکاندا، پێیوایە هەر شارێك دەتوانێ بەتێکەلکردنی دیکۆر رەنگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر، خۆی بکاتە شارێکی زیندوو یا شارێك مردوو. دەتوانێ ئەم جیاوازییانە بکاتە هێمایەك بۆ پێناسە و دامەزراوەکانی شار(Olsen, 1980:280)

**دیمەنە کولتوور: (cultural Landscape)**

چەمکێکی نوێیە لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە بەکاردێ بەپێی ئەم چەمکە کلتور لە بنەرەتدا پرسێکی گشتی و سویجەکتیڤە و تەنیا کاتێك دەبێتە ئۆبجەکتیڤ کە مرۆڤی خاوەن کلتور، بەرهەمێك لە خۆی لەناو دیاردەکانی جیهانی بەجێ دێلێ (وەك شیعر و بیناسازی). کاتێك دیاردەیەك بە زمانی کلتوری بەرجەستە دەکەین، مەبەستمان لە خەسڵەتەکانی داهێنەری دیاردەکەیە.دیمەنە کلتور چەمکێکی رێژەییە و دەربڕی دیمەنێکە کە مرۆڤی داهێنەری دیاردەکە توانیویەتی مۆرکی کلتوری خۆی بەسەردا بسەپێنی(خادمی:1393)

دیمەنە کلتوری گونجاوی شار ، ئەو دیمەنە کلتورەیە کە رەنگدانەوەی شوناس و مێژووی شارەکە بێ لە هەیکەل قەزای شارەکەشدا رەنگ بداتەوە. دیمەن تەنیا وێنەیەکی جوان یا دەقێك نیە، بەڵکو بەرجەستەکەری پرۆسە کلتورییەکانی شاریشە(Rosberston,2003).

لە بنەرەتداو لە رووی زمانەوانیەوە چەمکێکی لێکدراوە لە دوو وشەی دیمەن و کلتور پێکهاتووە. مەبەست لە دیمەن ئەو شتانەن رۆژانە دیانبینین و مەبەستیش لە کلتور، شێوازی ژیانە پێکەوە دەکاتە دیمەنی ئەو شێوازە ژیانەی ئێمە رۆژانە دەیبینین . یەکەمجار رێکخراوی یونسکۆ ئەم چەمکەی داهێناوە. مەبەستی یۆنسکۆش هەر لە چوارچێوە ئەم پێناسەدایە .(تیلور،1993 : 83) کارل سوئیر یەکەم کەس بوو پێناسەیەکی لە دیمەنە کلتور خستەڕوو. بەپێی پێناسەکەی سوئێر ، دیمەنە کلتور، دیمەنێکی سروشتیە کە لەلایەن کۆمەڵە خەلکێکەوە بەرجەستە دەبێ ، کولتوور فاکتەری سەرەکییە و سروشت فاکتەری لاوەکی و دیمەنە کلتور بەرهەمی ئەم دوو فاکتەرەیە(Flower,2003:17)دیمەن ، دەرئەنجام و بەرهەمی کلتورە.(تایلور،1393: 30) دیمەنە کلتور دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی بۆ چوون بەهاکان و ترسی شاراوەی ئێمە کە لە واقعدا بەرجەستە دەبن و دەبینرێن.

کەواتە دیمەنە کلتور چەمکێکی رێژەییە و دەربڕی دیمەنێکە کە داهێنەرەکەی توانیویەتی مۆرکی کلتوری خۆی زیاتر بەسەردا بسەپێنێ. بە سەرنجدان بە زمان و بەو پێناسەش کە خرایەروو ، کلتور دەرئەنجامی مرۆڤێکە لە ژێر کاریگەری شوێن و دیمەنیش ، شوێنێکە لە ژێر کاریگەری مرۆڤدا.

دیمەنە کولتوروی گونجاوی شار ، دەبێ رەنگدانەوەی پێوەندی خەڵك و ئەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە بێ کە لە ژێر کاریگەری مێژوو و شوناسی ئەو شوێنە دانە ئەو کاتە دیمەنە کلتور دەبێتە دیمەنێکی گونجاو کە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە بێ . بەهۆی پانتایی بەرفراوانەوە، دیمەنە کولتوور بەسەر چەند جۆردا پۆلێن دەکرێ، مەبەستی ئێمە لەم توێژینەوەدا ئەو دیمەنە کلتورە هاوبەشەیە کە ئاماژە دەکا بەداب و نەریت ، هونەر و ئاوێتە بوونی کلتور لەگەڵ توخمە سروشتیەکاندا(Flower,2003: 18-20).

جگە لە دیمەنە کلتور کە وەکو کۆی هێماکان دێتە پیش چاو، لە وردکردنەوەی هێماکانیشدا.

لقە زانستی هێماناسی دەکرێ بە لێکۆلێنەوەی هێما و ئاماژەکان دابنێین کە گرێدراوی شارن ، هەر دەقێك و لەوانەش شار ، شوێنێکن بۆ دەرخستنی مانا شاراوەکانی کولتوور لە چوارچێوەی هێمادا.بایەخدان بە پرسی ئەتنی کە دژ کردەوەیە کە لە بەرامبەر توانەوەی ئەتنۆسەکان لە ناو پرۆسەی بەجیهانیبوون (فکوهی:1384) وامان لێدەکا زیاتر هەڵوێستە لەسەر هێما کلتورییەکانی شار بکەین. هێمای کلتوری لێکەوتەی دەرئەنجامی خەسڵەتی کلتوری شارە، کە هەم لە هێماکانی شار و هەم لە فەزای گشتیدا رەنگ دەداتەوە.(دینی،1392: 52).

چەمکی هێماسازی کلتوری لە پێناسە گشتیەکەیدا ، بریتییە لە داهێنانی شوناس و دروستکردنی جیاوازی لە پێناو باشترکردن و بریتیە لە باشترناسینی کلتور.

کولتووری هەر نەتەوەیەك بەستراوەتەوە بە ئەزموون و وێنانەی لە ناو هزری خەڵکەکەیدان و هەر ئەوەشە کە بریار دەدا لەسەر هێماکان. (صادق فلاحت و نوحی،1393: 22) . کەواتە دەکرێ بڵێین هەموو هێماکان بەستراونەوە بە کلتور. جۆرە جیاوازەکانی هێماناسی شارەکان ئاماژەیە بە رەهەندە جیاوازەکانی کلتور. رەنگدانەوەی هێما گونجاوەکانی شار لە هەیکەلی شاردا، هەم دەبێتە پەرەپێدانی بەردەوامی شار و هەم رازیبوونی دانیشتووانی شاریشی بەدواوەیە.(دینی 1393: 52)

. کە هەر شارێك چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە و نابێ چیرۆکی شارەکانی تر کۆپی بکات،

هێمای شار وەك گێرانەوەی چێرۆکی شارە بۆ خەڵکی تر .

وەك چۆن لە زمانناسیدا بە دوای وشەدا دەگەڕێین، لە تەلارسازی و شارسازیشدا لە جیاتی وشە، دەبێ بگەڕێین بە دوای هێماکانی شاردا کە سەرچاوەیان دەگەرێتەوە بۆ کلتور، مێژوو و ئایینی میللەتان. ئەم هێمایانە خەسڵەتێکی تەواو هێماییان هەیە و داتاشراون، بەڵام چونکە بناغەیان دەگەرێتەوە بۆ رابردوو و شوناسی خەڵکەکە ، لێی نێدەگەن. تێگەیشتنی ئێمە لە شوناس لەرێی هێماکانەوە سەقامگیر دەبێ . شوناسی شاریش لەڕێی هێماکانی شارەوە مسۆگەر دەبێ کە خۆ لە بیناکان و دیمەنی شاردا بەرجەستە دەکات هێما کلتوری شار ئەو پەیامە دەداتە دەرەوەی خۆی کە روانگە و هەڵوێستی شار بەرامبەر بە کلتوری خۆی چۆنە.(چندلر،1387: 316).

هێمای کلتوری گرنگترین تایبەتمەندی کلتورە لە دیمەندا کە تەواو چوارچێوەی کلتوری شارەکە دەردەخا و مۆرکی قۆرغکراوی شارە. ئەم هێما کلتوریە پانتاییەکی بەرفراوانی مادی و مەعنەوی هەیە. لە بینای شارەوە بگرە تا خواردن و جل و بەرگی خەڵکەکە و لەوێشەوە بۆ زمان و ئەدەب و دروشم و هێماکانی تر. شوناس بەپێی دیمەنی شار، لەرێی لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی وردی قۆناغە مێژوویی و کلتورییەکانی شار و یادەوەری سۆبجەکتیڤ دەردەکەوێ و هەموو ئەوانەش لەرێێ هێمای کلتوری شارەوە دەستەبەر دەبن. ئەوەی ئێمە ناومان ناوە شوناس دیمەنی شار، حەزی خەڵکە بۆ ژیان لە ناوشار بەلام بە بەکگراوەندێکی مێژوویە(اتشین بار،1388 : 54). دەرکەوتنی هێمای کلتوری لە شاردا تا ئاستێکی گونجاو ئەم شوناس و بەکگراوەند مێژوویە مسۆگەر دەکا.گونجانی ستاتیکای هێمای کلتوری و دیمەنی شارە..

دیمەنی شار دەرئەنجام و لێکەوتەی کلتورە . دیمەنی شار لە راستیدا کۆی هێماکانی شارەکە و چوارچێوەی مانا و بەهاکانی شار دەیاری دەکا. هێمای کلتوری شوێنە کە دەکرێ هەم لە هێماکان و هەم لە واقیعشدا بەرجەستە ببێ. لە هێمای کلتوریدا، تاکە هێمایەك مەبەستە و لەلایەکی ترەوە ، دیمەنی شاریش کۆبەندی هێماکانە. بەم پێیە پیناسەی دیمەنی شار و هێمای کلتوری زۆر لێك نزیکن . دیاری کردنی هێمای کلتوری شار و هەولدان بۆ دەرخستنی ستاتیکای ئەم هێمایە لە ژینگەی شاردا ، لەگەڵ چەمکی دیمەنە شاری گونجاودا دێتەوە.ئەگەر دیزاینی ستاتیکای هێمای دیمەنە شار بە پێی ستاتیکای هێمای کلتوری دابرێژرێ، دیمەنە کلتورێکی گونجاو دێتە ئاراوە.

دیمەنی گونجاو و خاوەن شوناس ،بێ رەچاوکردنی ڕەهەندی کلتوری و پێکهێنانی گونجانی کلتوری لە بەشە جیاوازەکانی شاردا ، نایەتە دی. (دویزان ، کرێمی نژاد،1393: 82) بایەخدان بە شوناس و گرووپە جیاوازەکانی شار و ئەتنیسیتە لە جۆگرافیای شاردا پرسێکی گرنگ و هەستیارە.

ستاتیکا تێگەیشتنە لە جوانی لە رێی هەستەکانەوە و تەنیا لە بەرهەمە هونەرییەکاندا کورت ناکرێتەوە.ستاتیکا زگماك نیە و بەپێی شوێن و کات دەگۆرێ.(گات و مەکیۆر لۆیس،1389: 153)

دەکرێ هەستی ستاتیکامان بەرامبەر بە سروشت و شاریش هەبێ. پێوەرە کلتورییەکان پێوانەی بکەین . (صادق فلاحت و نوحی، 1391: 22) هێما کلتوری نوێنەرایەتی کلتوری شارە کە لە هەیکەل و دەرەوەی شاردا خۆی دەنوێنێ و رێ خۆش دەکا بۆ تێگەیشتنی خەڵك و گەشتیاران لە ستاتیکای شار. شوناس خاڵی جیاکەرەوەی کەسێك یا شتێکە لە کەس شتێکی دیکە. هەروەها سوناش بەم شێوەش پێناسە دەکرێ کە کەسێك تا چ رادەیەك دەتوانێ هەست بە جیاوازی شوێنەکەی خۆی بکا لەگەڵ شوێنەکانی تردا، شوناس تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. شوناس هەستێکی بەسترانەوە دروست دەکا. شوناس هێزێکی تۆکمەیە کە دەتوانێ بگاتە ئاستێك کە باز بدا بەسەر لاوازی ئابووری و جەستەییدا . (Sima,2013:47 شوناس خاوەن ڕەهەندی کلتوری ، کۆمەڵایەتی و شاری و ....هتدە.

شوناسی کولتوری لە بەرامبەر شوناسی تاکدا پێداگری دەکا لەسەر گروپەکان یا سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان. بەمشێوە فەزا یەکێکە لە گرنگترین پێش مەرجەکانی پەرەپێدانی شوناسی کلتوری . فەزا وەك هێمایەك شوێنی بەریەککەوتنەکانە(Friedrich, 1998)

شوناسی شار رەنگدانەوەی نەریت ، کلتور و حەز و هیوای دانیشتوانی شارە. ئەم پێداویستیانە، سەرکەوتن ، دۆران و داهاتووی ئەوان دەردەخا. هەستێکە کە خۆشەویستی بەرامبەر بە شاری لێ دروست دەبێ. ستایڵی ژیان پێشتر لە زانستەکانی کۆمەڵناسی ، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و مارکێتینگدابەکار دەهات ، ستایلی ژیان چەمکێکی تاڕادەیەك نا ڕوونە و لە زانستە جیاوازەکاندا پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. ستایلی ژیان بەهۆی ئەو توخمانەی کاریگەری لەسەر دادەنێن، ناروونە. لە رەفتاری مشتەرییەکەوە لە بازاڕ چ کالایەك دەکرێ تا رەفتاری خەڵك لە بازار وپاس و ماڵ و ئەو شتانەی کە زۆر باون لە کۆمەڵگەدا هەموویان دەچنە خانەی ستایلی ژیانەوە(Hejis et al,2009: 347)،ستایل و شێوازی ژیان تەواوکەرێك بۆ جیاکردنەوەی گرووپ یان کۆکمەڵگایەك لە گرووپ یان کۆمەڵگەیەکی تر .

ستایڵی ژیانی شار بریتییە لەو مۆدێلەی ژیانەی خەڵك لە ناوشار پراکتیزەی دەکەن) (Thore kild,2006

شێوازی ژیان هەمیشە ئاماژەیە بۆ رەهەندەکانی وەك: بە باشترین دانان و پەسەندی کلتوری و سەلیقە هەروەها پەیوەندی هێمای ر پێگەی کۆمەڵایەتییەوە پێ وایە شێوازی ژیان چالاکی گەلێکی سستەماتیکییە لە حەز و سەلیقەی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ و لەسەر شێوازی هێمایەك ناسنامە دەدەنە تاك و گروپ لە نێوان توێژ و گروپە کۆمەڵایەتی یە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازی دروست دەکەن، شێوازی ژیانی چۆنیەتی نمایەشکردنی ئەو سەرمایەییە لەلایەن تاکەوە.(جبار،2019: 9-10)

بەها کۆمەڵایەتییەکانی شار بریتین لە پێکهاتەی ئۆبجەکتیڤی دانیشتووانی شار کە خۆی لە بیروڕا ، خواستەکان، ئۆرم و عورفی باوی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە(McBreen et al ,2011)

هەر کۆمەڵگایەك خاوەن بەها تایبەتەکانی خۆیەتی کە لە کۆمەڵگایەکیتر جیای دەکاتەوە. بەهاکان پارێزگاریێ لە شوناسی کۆمەڵگا و کلتورەکەی دەکەن ، هەر کۆمەڵگایەك شوناسێکی تایبەتی هەیە و بەهاکان دەیپارێزن کە ئەرکی رێکخستنی کۆمەڵگا لە ئەستۆدەگرن.(کاکە سور، 2012: 35-36)

بە خوێندنەوە مێژوی پەنجا ساڵی رابردوو، دەکرێ پێنج فاکتەر دیاری بکەین هەموویان دەکەنە ژێر کاریگەری گۆرانکاری ئابووری بەرفراوانترین و پەیێدانی شاردا . ئەم پاڵنەرانە دەکەونە ژێر کاریگەی جیهانی دەرەوە خۆیان گۆرانکاری لە ژمارەی و پێکهاتەی دانیشوان تەکەلۆجیاو بە جیهابیبوون و هەروەها سیاسەت و هەژموونی کلتوری ، کاریگەرییان هەیە لەسەر کلتوری شار. بەرهەمی ئەم پاڵنەرانە سەرهەڵدانی مۆدێڵ و ئەزموونی کلتوری جیاوازە(Pratt,2014)

لە کلتوری شار ، مۆدێلی رەفتاری شار ،ئاماژەیە بەو کلتورەی کە لە شاردا جێگیرە . کە مەبەستێتی و توخمە کلتوریە ماددی و مەعنەویەکان گرنگ و کاریگەربوونیان لەسەر لایەنی هەیکەلی و ستاتیگا شار بوونیاد دەنێن. هەر کلتور شارێك لە شارێك جیادەکاتەوە کۆمەڵێك تایبەتمەندی بە شار دەبەخشێت.

**1.1.2.دانیشتووان:**

بەو پێیەی شار گرنگترین و ئالۆزترین وێنە ئاوەدان کردنەوەی مرۆڤایەتییە لە کاتێکدا دانیشتووان ئەم نیشتەجێبوونە نزیکەی 50%کۆی دانیشتوانی هەمو جیهان پێکدەهێنن، لەبەر ئەوە سەدەی بیستەم بە سەدەی (شۆرشی شارستانی)دادەنرێت هەروەکو زانراوە گەشەسەندنی دانیشتوانی شار بە رێکەوت نەبووە بەڵکو گەلێ هۆکاری لەروودانی و بەژداریان کردووە لەوانە هۆکاری سروشتی و دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری و سەربازی و هۆکاری گواستنەوە و گەیاندن لەبەر ئەوە توێژینەوەی شار یاخود نەخشەکێشان وەکو باوە پێویستی بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە لەوانە لە بواری جوگرافیا و کۆمەڵناسی و ئابووری و ئەندازیاری و هیدیکە هەر گۆشە نیگایەك لەمانە لە رووی وردبینیەوە تایبەتە بەو پسپۆریەی کە ناومان هێنان (لێژنەی باڵای ئامادەکار، 2009: 55-56)

یەکێك لە گرنگترین کێشەکانی ئەمرۆکە ، بەرفراوانبوونی شارەکانە کە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوان، کۆچ و قەرەباڵغی شارە. هۆکاری ئەم پرسەش کە زیاتر کاریگەری دەکاتەسەر گەرەکە میللییەکان ، دەگەرێتەوە بۆ پلانی هەڵە یان نەبوونی پلان. ئەو وڵاتانەی دەیانهەوێ بگەنە ئاستی پەرەپێدانی بەردەوام ، دەبێ زۆر بایەخ بەم پرسە بدەن (Pour Jafar,2012: 11).

ئەم گەرەکە میللیانە کە پێشتر خاکی بەپیتی کشتوکاڵ بوون، ئێستا کە خانوویان لەسەر دروست دەکرێ، دەبنە عەرزی تیجاری و ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی وڵاتان(Bahraini&Karimi, 2002: 22)

ئەوەی ئەمرۆ بە ئاشکرا لە شارەکاندا هەست پێدەکرێ. ئەوەیە کە شارەکان لە دوا دەیەکان کۆتایی سەدەی بیستەمدا ، کۆمەڵە گۆرانکارییەکی مەزنی ئابووری، ژینگەیی ، سیاسی و کۆمەڵایەتیان بەخۆوە بینیوە. ئەم پرس و کێشانە کاریگەریان داناوە لەسەر گۆرینی ئاراستەکان، پلاندانانی شارەکان و ئەو ریفۆرمانەی کە ئەنجام دەدەرێن.(بحرینی و همکاران، 1392: 19) . پلاندانانی و ریفۆرمەکان بوونەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری لە شارەکان و پرسی خزمەتگوزاریش پرسی یەکسانی لە

خزمەتگوزارییەکان دێنێتە گۆری کە کام گەرەکانە زیاتر خزمەت دەکرێن و کام گەڕەکانەش هەروا بێ خزمەتگوزارین:Hewko,2001) (61.

پرسی خزمەتگوزاری دەبێتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ دانیشتووانی شار خزمەتگوزاریش بەستراوەتەوە بە هەڵکەوتی جوگرافی شار ئاستی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و بارکردن لە گەرەکەکانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری یا ئەو گەرەکانە کە خزمەتگوزاری باشیان پێشکەش دەکرێ(Lotfi,2009:134-140)

گرنگترین تایبەتمەندی شارەکانی ئەم سەردەمە بریتین لە چری دانیشتووان، ئاستی خزمەتگوزاری و نەبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. پێوانەی سەرمایە کۆمەڵایەتی بوار دەرخسێنێ بۆ خەسارناسی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی ئەو خەسارانە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان بە تایبەت لە میترۆپۆل و شارە گەورەکان. هەروەها ئاسانکاری دەکا بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا کە هەست بە گۆرانکارییە کۆمەلایەتیانە بکەن کە لە حاڵی روودانن.

کۆمەڵگا بریتی یە لە کۆبوونەوەی خەڵك لە دەوری یەکتر بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە ، هێندێك چالاکن و هێندێك نا چالاك . لێکۆڵینەوەکان دەبێ بایەخ بەم جیاوازییانە بدەن بۆ روونکردنەوەی هۆکارەکان(Caveye,2004).

وا پێدەچێ زۆربەی پلاندانەران و بەرێوەبەرانی شار، پێداگری بکەن لەسەر گرنگی پێوەندیی خەڵك لەگەڵ فەزا جیاوازەکانی شاردا، ئاستەنگی ئەمرۆکەی پلاندانەران و بەرێوەبەرانی شار چۆنیەتی مامەڵەیە لەگەڵ دوو ئاستی فەزای گشتی یا بەستێنی گشتی کە لەلایەن پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە بایەخی پێ دەدرێ. ئەگەر ئاراستەی یەکەم لە دیالۆگ و گفتوگۆ و ئاراستەی دووهەمیش زیاتر بایەخ دەدا بە ئازادییەکانی تاك لە شارداکە بەشێوەی مافی (شاری خۆمە)، خۆی بەرجەستەدەکا. (علیخواه و همکاران،1395 : 156). فەزا گشتییەکانی سەردەمی ئێمە لە جیاتی ئەوەی لەلایەن ئێمەوە بەرهەم هێنرێن، بۆمان بەرهەم دێنن و بە سەرماندا دەسەپێن . بۆیە مافی ئێمە لەسەر فەزاکان شاردا بەهۆی بەکالاییکردنەوە، کۆنترۆڵ و پێشێل دەکرێ و لە دواجاردا دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی بە گشتیبوونی فەزا گشتییەکان.(پور احمد و همکاران،1397: 650)

لە روانگەی پسپۆرانەوە، سەقامگیری ناوماڵ تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە شوناسی کۆمەڵایەتی، شوناسی فەزای خانوونەکە و گونجانی دانیشتووان. کۆڵناسەکان شوناسی کۆمەڵایەتی تاك دەگەرێننەوە بۆ چینی کۆمەڵایەتی بەڵام چینی کۆمەڵایەتی لەرێی خانووی کەسەکەوە دیاری دەکرێ نەك لەرێی پیشە، سامان یان ئاستی خوێندەوارییەوە. خانوو، چینی کۆمەڵایەتی و شوناسی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێ دراون. بەو پێیە کە هەیکەڵەی شارەکان دەرخەری شوناسیانە، بەو ئەنجامە دەگەین کە چینی کۆمەڵایەتی خەڵك و شوناسی کۆمەڵایەتیی گەرەکەکان بەستراوەتەوە بە هەیلکەلی دەرەوەی گەرەکەکانەوە و لەژێر کاریگەری ئەم فاکتەرەدان . هەیکەلی ماڵەکانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری قەوارە، دیوی دەرەوەی خانووکە.(فکوە ،1383: 219)

دانیشتوان کاریگەری کولتووری لەسەر دیزاینی شار روون دەکاتەوەکە شێوازی بیرکردنەوە و ستایلی ژیان چ جورە فۆرمێکی وەربگرینەوە توخمی کلتوری زاڵە لەو شارەدا.

شوێنەواری وەچانانەوە لەسەر دابەشبوونی تەمەن زۆر دەردەکەوێت کاتێك بەراورد دەکەین لە نێوان دانیشتوانێك کە بەردەوامن لە وەچەنانەوە بە رێژەیەکی بەرز وە دانیشتووانێك بە بەردەوامی رێژەی وە چەنانەوەیان نزمە، لەبەر ئەوەی ئەو دانشیووانەی کەوا وەچەنانەوەی بەرزە رێژەیەك زیاتر منداڵیان هەیە لەبەرامبەر گەورەکان بەهۆی زۆربوونی لە دایك بوون. وە زیاد بوونی وە چەنانەوە لە تەوەی داهاتوو، مانای وایە باوکەکان لە نەوەی ئێستا ژمارەیان زیاترەوە رێژەی بەمەنەکان کەمە . بە پێچەوانەوە ئەو دانیشتووانەی ماوەیەکی زۆرە وەچەنانەوەی نزمە ئەوا منداڵیان کەمترە و بە بەراورد بە باوانیان کەمترن.(ساوج،1387: 4-16)

توێژەرانی بوارەکانی جۆگرافیا دیمۆگرافیا ۆکۆمەڵناسی ئابووری پلان رێژی، لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانیان دا سەرقاڵی دارشتنی شێوازێکی نموونەیین لە شاردا کە بە شێوەیەکی باش سوود لە بنەما سروشتی و مرۆیەکان وەربگیرێت و لە هەمان کاتدا پشتیان پێ ببەسترێت. لە دیاری کردنی رووبەری شارەکان بەڵام لێکۆڵینەوەکان بێ ئاکام بووینە بەهۆی جیاوازی بنەماکانی دروست بوون و پەرەسەندنی شارەکان لەلایەك و جیاوازی رێژەی گەشەی شارنشینی لە هەریەك لەو ناوەندانەی شار لەلایەکی ترەوە ، بەڵام فراوان بوونی شارەکان لەسەر حیسابی زەوییەکانی دەوروبەر، تایبەتمەندیەکان هەموو شارەکان تێدا هاوبەشن(شوانی،2007: 51)

فاکتەری راکێشانی جوگرافی و کەش و هەوای گونجاوتر وای کردووە لەو لایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچ کردنی ناوخۆی زۆر بێت وە فاکتەری ئابووری لە ناوچەیەکی کە پرۆژەی کارکردن و هەڵی کار و داهاتی بەرز و خوێندن و جێگەی نیشتەجێ بوونی گونجاوی لێ بێت پاڵنەرە بۆ کۆچ کردنی ناوخۆێ.(جلبی ،بدون السنة: 321-328)

هەموو ئەو تێۆانە ڕەت دەکاتەوە کەوا هەوڵ دەدەن لێکدانەوە بۆ گۆڕانی کـۆمەڵایەتی بـکەن لە دانیشـتووان بەوەرگرتنـی تەنیـا یەك فاکتەر لەبەر ئەوەی وای دەبینێت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە وەچەنـانەوە ئەو گۆڕانکاریـانە دەکەونە ژێـر ئـارەزووی دەکـات بە تێروانینی (دیفز)هاوسەنگیەك نییە لە ژمارەی دانیشتووان و دەرامەتی بەردەست ئەوەی بیرۆباوەری ماڵتس بـوو بەڵکـو هاوسـەنگی ژمارەی دانیشتووان و پێویستیەکانی بونیاتی کۆمەڵایەتی یە کەوا مەبەسـت لە پێویسـتیەکانی بونیـاتی کـۆمەڵایەتی ئەو دەرامەتـانەن کەواپێویستە دابین بکرێت بۆ پارێزگاری کردن لە بونیاتی کۆمەڵایەتی یاخود بەمانایەکی تر بەدی هێنانی ئامانجی ئایینی و پەروەردەی و هونەری و خۆشگوزارەنی سیاسی.(جلبي،بدون السنه: 321 - 326)

گەشـەکردنی دانیشـتووان زۆربـوونی سروشـتی کە زۆربـوونی ژمـارەی لەدایـك بـوون لە چـاو ژمـارەی مردوانـدا ، زۆربـوونی ناسروشتی ئەو زۆربوونی دانیشتووانە لە کۆمەڵگەیەکدا بەهۆی کـۆچ کـردنەوە کە کۆمەڵێـك ئاسـەوار بە دوای خویـدا دەهێنێـت کە هۆکارێکی گرنگە لە پێکهاتە و تایبەتمەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دانیشـتووان گـرنگترین ئەو شـوێنانەش بـریتین لە شـارەکان بەتایبەت پایتەختی وڵاتان و ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتیان کە بەلایەك کەوتـن و لەیەك نزیـك بـوونەوە و لەیەك چـوون و گونجـانی کلتووری و کۆمەڵایەتی بلاوبوونەوەی جۆرەکانی رۆشنبیری بەهۆی هاتووچۆی خەڵکی لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا، لە نـاوچە کـۆچ بۆکراوەکاندا هەموو دەستەیەك لە دانیشتوانی رەسەنەکاندا پەنا هەنـدەکان هەوڵ دەدەن پارێزگـاری لە دیالێکـت و زمـانی تـایبەتی خۆیان بکەن.(عبدالجواد، 2020: 58-86)

کۆچ کردنی نێودەوڵەتی کاریگەریی دەکاتە سەر پێك هاتەی دانیشتووان لە رووی جـۆر و تەمەنـی دانیشتووان.(سـمیث، 1971 : 451)

ئەگەر وەکو نمونەیەکی نزیک باسی شاری هەولێر بکەین بۆ روونکردنەوەی کاریگەری ژمارەی دانیشـتوان لەسـەر گەشـەکردن و فراوانبوونی شار، ئەوە دەبینین کە شاری هەولێر لەسەرەتایی دروست بوونیەوە تەنیا لەقەڵا پێك هاتووە دواتـر بەهـۆی زۆربـوونی دانیشتووانەوە کۆچی گواندنیشـنیان بـۆ نـاو قەڵا ، ناوەنـدی ئێـداری هـاتۆتە دەشـتەکانی دەروبەری قەڵا لە پەنجـا و شەسـتەکان و دواتریش بەهۆی ئەو بارە ناجێگیرە سیاسی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی کوردسـتان بەگشـتی هەیـووە گەشەسـەندنی شـاری هەولێـر سست بووە.

لە دوای ڕاپەرینەوە ، شاری هەولێر لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. بە هۆی گەشەکردنی نا سروشتی دانیشتوانەوە لە هەولێر دەبینین زۆرجار گەشەکردنی شارەکە هەڕەمەکی و شێوازێکی زۆر خێـرای وەرگرتـووە و مـاوەی تـا ماوە لەرووی خێرایی و سستیەوە جیاوازییان هەبووە.( جبار، 2009: 32)

دوای ئەوەی لەسەرەتایی سەدەی بیستەم دا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان سنوردار بوونی رووبەری قەڵا کە جێـی ئەم زۆربوونە نەبۆوە بۆیە ئاوەدانی لەدەرەوەی قەڵا بەرە و ناوچەکانی دەوروبەری دەستی پێ کرد بەجۆرێك شاری هەولێری پێکهێنا کە ئەمرۆ بۆتە شارێکی گەورە(شواني، 2007: 51)

لە ئێستادا دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دانیشتوان زۆرترین کاریگەری لەسەرکەوتەکانی شاری هەولێر هەبـووە، بەهـۆی دۆخـی سیاسی ئەو کـۆچە بە لێشـاوەی رۆژهەڵات ناوەڕاسـت و رۆژئـاوای کوردسـتان و ناوەنـدو باشـوری عێـراق بـۆ شـاری هەولێـر وەك ناوچەیەکی ئارام وای کردووە کەرتی نیشتەجێبوون لە هەموو کەرتەکانی دیکە فراوانتربن و دیزانی شاری هەولێـر گـۆڕانی بەسـەردا بێت.

### 2. دیزاینی شار

لە هەندێك حاڵەتدا زانایان سەرهەڵدانی شار دەگەڕێتەوە بۆ ژیاندنەوە و بنیاتنانەوەی پێوەندیی شارنشـینی لەو شـارانەی کە پێشتر داڕماون و خەسڵەتی شـاریبوونی خۆیـان لە دەسـت داوە. ئەگەر ئەم گێـرانەوەی مێـژوویە بکەیـنە پێـوەر ، ئەو پرۆسـەیە دەبێتە بنەما بۆ سەرهەڵدانەوەی زۆر شار لە مێژوودا. بەپێی ئەم بۆچوونە ، شارەکۆنە داڕماوەکان، بەهـۆی گۆڕانکـاری هەڵـومەجی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی سەر لە نـوێ بنیـات دەنێـرنەوە. پێوەنـدیی ئـابووری بارزگـانی و بەرهەمهێنـانی کـاڵا بەهێـزە بەپێـی هەڵومەرجی سروشـتی و جـۆری پێوەنـدییەکانی. گەشـەی ئـابووری کشـتوکاڵی کـاریگەرییەکی زۆری هەبـووە لە بنیاتنـانەوەی شـارە کۆنەکان لە رابردوودی زۆر کۆندا.(ساوج ،1387: 6)

لەمێژووی شاردا، دەوڵەت فاکتەرێکی گرنگە لە دامەزراندن و گەشەی پەیوەندی شارنشینی سەرهەڵدان شار دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی هزری و ئاییـنی ژیانی خەڵـك، قۆنـاغە جیاوازەکانـدا ، بنیاتـانی چەنـد دامەزراوەیەکـی کەلتـوری دامەزرانـدنی بـنکەی سەربازی و بەرگری بۆتەهۆی سەرهەڵدانی شار لە کۆندا.

پێویستی بازرگانەكان بە ئاڵوگۆڕی ئابووری لە بازار فاكتەرێكی گرنگ بوو لەسەرهەڵدانی شاردا، زێدە بەرهەمر بەهۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، ئەمر فاكتەرانەش بووە هۆی سەرهەڵدانی:-

شارە هاوچەرخەكان دەبنە شارەكانی داهاتوو و هێنانە ئارای وێنا و ژیانێكی باشتر و بیرەوەری هاوبەش خاڵێكی پێویستە بۆ داهاتوو. بۆ گەیشتن بە ئامانجی كۆمەڵایەتی ، وەزیفی و شارە هاوچەرخەكان، دیزاینی سەنتەری شار وەك گرنگترین رەگەزی پێكهاتەی شارو دیزاینی قەزای شاری گونجاو ئاست بەرز بۆ بەشداری و كۆبوونەوەی زیاتر خەڵك زۆر گرنگە ئەمرۆكە سەنتەری شارەكان جگە لە رۆڵی سەرەكی خۆیان كە ناوەندی زۆربەی چالاكییەكانی ناو شارن و هێمای سەرەكی پێوەندیی كۆمەڵایەتی خەڵك و بیرەوەری هاوبەشی خەڵكن ، پێوەندییەكی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ كاتی بەتاڵ ، دەرچوونی خەڵك لە ماڵ ، قەزای كراوەی گشتی پێوەرە شاری و مرۆییەكان (اصغر نظریات،1394: 13)

سەنتەری شار فاكتەرێكە كە شوناس دەدا بە شار و شوێنی چڕبوونەوەی چالاكییەكانە و توانایەكی شاراوەی هەیە بۆ وە دیهێنانی ئامانجی ئابووری كۆمەڵایەتی و كلتوری شار(فكوەی. 1383: 398)

پرەنسیپەكانی دیزاینی سەنتەری شاری هاوچەرخ، رێكخستنێكی گونجاو ، هێنانە ئارای شوناسێكی تایبەت بەشار ، پەرگرتنی ئابووری و كلتوری ، دلنیابوون لە رواڵەت و ناوەڕۆك ، هاتۆچۆی ئاسان دابینكردنی ئاسایشی جەستەیی و دەروونی ، جۆراوجۆر و سەرەنج راكێشی.

### 2.1 .مێژووی دیزانی شار:

مێژووی دیزاینی شار بۆ سێ قوناغ دابەش دەبێ . كە قۆناغی یەكەمر لە دوای شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا قۆناغی دووەمر: كۆتای پەنجاكانی سەدەی رابردوو، هەروەها قۆناغی سێیەمر و لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوو كە دووپاتی گرنگی كەلەپور بۆ هەموو شارستانیەتیك ، پارێزگاری كردن لە تایبەتمەندی پێشی هەموو وڵاتێك ، هەروەها كاریگەری تاك دەركردەوە.(الحكاوی ،٢٠١٧)

دیزاینی شارستانی فیرعەونی (یان من ) (٣٥٠٠پ.ز) بەمانای شورای سپی دێت بە زمانی هێرۆگلیفی كەوا ئاماژەیە بۆ گرنگی بوونی ئەو بازنەیە وە گرنگی ئەو رەنگە سپییە وەكو هێمای گەورەیی و رۆخانیەتی كۆمەڵگای شارەكە، لە بەرامبەردا دەبینیێت كەوا شار ئیمراتۆری لە پەكین(١٥٠٠پ.ز) رەنگی سوری هەڵبژاردووە وەك هێمایەك بۆ دەرگاكانی شار ئیمپراتۆریەكە وە بەرەنگی گەورەیی و پێگە و بەرزی داناوە وە لە فەلسەفە كۆنەكان ئەرستۆ قەبارەی نموونەیی شاری خستۆتەڕوو وە ئەفلاتون بیرۆكەی شاری چاكی داناوە لە كتێبی"كۆمار" و ئەفلاتۆن وایدەبینێت كەوا ئامانجی دەوڵەت دڵخۆشكردنی سەرجەمر خەڵكەكەیەتی بەپێی پێویست ئەمەش بەدادپەروەی دەكرێت كە ئەمە بابەتی سەرەكی گفتۆگۆی كۆماریەوە وە پێكهێنانی بیناسازی یەكێكە لەو ئامرازانەی بەشدارە لە بەدیهێنانی دادپەروەری. وە لە هزری عەرەبی شاری فارابی چاكەكار(٩٥٠ز)بە یەكێك لە گرنگترین شێوەكانی گرنگیپێدانی فەلسەفی دادەنرێت لە كارێگەری ئالۆزگۆری نێوان دانیشتوان و بیناسازی هەروەها دیدگای ئیبن سینا سەبارەت بە"گرێبەستی شارومال."(مكرم:2008)

### 2.2 .گرنگی دیزاینی شار:

پەرەسەندنی بەردەوامی شارەكان پێ سەرەنجدانە بنەماكانی دایزاینی شار ، پەرەسەندێكی بێ ناوەرۆك و بەتاڵە. بەدیزاین و رواڵەتی گشتی شار لە پرۆسەی پەرەسەندی شاردا، پرسێكی زۆر گرنگە ئەمە ئەركی ئەندازیاران و دیزاینەرەكانی شارەكە پارێزگاری بكەن لە خاڵە پۆژەتیڤەكانی شار، شاردەبێ بۆ هەموو دانیشتووانی شار، ژینگەیەكی یەكسانی خوازبێ و هەمووان وەك یەك لە ئیمتیارەكان كەڵك وەربگرن . دیزاینی شارەكان لەسەردەمی هاوچەرخدا، بەردەوامر خەریكی دەوڵەمەندتركردنی ئەمر پرۆسەیەن.(صفر :2015)

لە ڕاستیدا پرۆسەی هاوكاری فرە لایەن بۆ دارشتنی پلانی شارەكان، دەرئەنجامی هزری كۆمەڵە بەرپرسیارەتی و پسپۆرییەكی جیاوازەكە لە پرسێكی هاوبەشدا بەشدارن. لە بنەرەتدا لە دیزاینی شار یا بەشێك لە شاردا ، دەبێ چەندین پسپۆری جیاواز بەشداربن لە پلانی ترافیك و ئەندازیارییەوە بگرە تا دیزاینی رواڵەتی شار. لە هەموو ئەو بوارانەدا، دیزاینی شار لە زۆر پرۆژەی نۆژەنكردنەوەدا ، خاڵێكی گرنگە كە دەبێ هەموو ئەو بوارانە دا، پێوەرەكان رەچاو بكا لە دیزاینی هەیكەل و فەزای شاردا.(عوف:2000)

دیزاینی شار گرنگی دەدات بە پەیوەندی خەڵك لەگەڵ بۆشایی، كە پەیوەندی یەكە سوودەكەی لەوەدایە كارلێكردنی خەڵك لەگەڵ ژینگەكەی پرۆسەیەكی دوو جەمسەرە ، بەجۆرێك كە خەڵك كاریگەری دەكەنە سەر ژینگەكەی و دەیگۆرن، بیرۆكەی یەكەمر پێویستە بەهەند وەریگیری كە رێبازی بیرۆكەی یەكەمر پێویستە بە هەند وەربگیری كە رێبازی فەلسەفی بیناسازی و ژینگەیە.

**3.تایبەتمەندییەكانی دیزاینی شار**

لێرەدا دەكرێ بە چەند خاڵێک ئاماژە بە خەسڵەت و تایبەتمەندیەكانی دیزاینی شار بكەین:

أ-لە شاردا ،دیزاینی شار پرۆسەیە كە پێویستی بە بەشداری لایەنی دیكە هەیە و بریتییە لە هەوڵی بە كۆمەڵی گروپە هاوبەرژەوەند و كاریگەرەكان لەگەڵ پسپۆرەكانی ،ژمارەی ئەو گروپانە زۆرە بەرژەوەندییەكانیان جیاواز و جار جاریش دژ بە یەكە و لە كۆتاییدا ئاستی كۆنترۆڵی رێژەییە.

ب- شار خاوەنی فەزایەكی گشتیە و سنوری چالاكی دیزاینی شار، فەزای گشتی شارە بەڵام جار جارە فەزای تایبەتیش چ بەشێوەی تاك و چ كۆمەڵ دەچێتە ناو سنوری چالاكیەكانەوە.

ج-ماوەی چالاكی دیزاینی شار درێژخایەنە و دەرهاوێشتەكەشی زۆرجار نیوە چڵە رێژەی و سنورداره.

د-دیزاینی شار بوار دەرەخسێنێ بۆ سەرهەڵدانی گۆرانكاری چۆنایەتی لە ژینگەی ناوشاردا، دیزاینی شار ڕەنگە هیچ كات دەست نەبات بۆ داڕشتنی نەخشەی بینایەك یان كۆمەڵە بینایەك ، بەڵكو پسپۆرن لە بیناسازی(Dittas,1980)

ه-لە ڕووی پێوەرەوە ، دیزاینی شار ، لە رووبەری فراوان و ئاستی جیاواز دا جێبەجێدەكرێت، بەڵام میكانیزمی دیزاین شێوازی جێبەجێكرنەكەی ، ماوەی پلانەكان بەپێی رووبەرەكانی جیاوازە ، پێوەرە باوەكانی دیزاینی شار بریتین لە رووبەری پرۆژە ، گەڕەك بە شێك لە شار ، كۆی شار ناوچەیەكی شار و كۆریدۆرەكان.

و-لە بارەی ناوەرۆكەوە خەسڵەتە سەرەكیەكان دیزاینی شار بریتین لە ، شوێن و چڕی، پیادەكردن و پێوەری مرۆیی، كەڵتوری مرۆڤ ، ئاوەدانكردنەوەی ، ژینگەی دەستكردنی مرۆڤ و ژینگەی سروشتی.

ز-دیزایینی شار ئەزموونێكی بە كۆمەڵی مرۆڤە ، نابێ بە روانگەی بارزگانی و ئابوورییەوە سەیر بكرێ و یاساكانی ئابووری بازاری بەسەردا بسەپێنین(صفر،٢٠١٥).

**٥- ئامانجی دیزاینی شار**

ئامانجەكانی دیزاینی شار لە چەند خاڵێكدا دەخەینەڕوو:-

**أ-دارشتنی پرۆژە و پێكهاتەی شار:**

**ب-پلان:-**

مۆدێلی داڕشتنی نەخشەی شەقامەكان، هەڵكەوتەی بیناكان لە گەرەكێكی تازە بیناتراو ، لەسەر دوو ئاستی بچووك و گەورە.

**ج-ئاسۆ:-**

هەڵكەوتەی پارچە زەوییەكان، بەرزایی و نزمایی ، رەنگ ، رەنگەكان و توخمەكان و چۆنیەتی لێكدانی ئەم توخمانە پێكەوە كە فەزای كراوە لە خۆدەگرێ.

**د-چڕی و لێكدان:-**

ئاستی پەرەپێدان لە پارچە زەوییەكی دیاری كراو و

**هـ-رووبەر و بەرزایی:-**

**و-رووبەرو پەڵە-**

دەرخستنی سێ رەهەندی ئاستی پەرەپێدان لە پارچە زەوییەكی دیاری كراو.

**ز-جوانكاری و وودەكاری:-**

**ت-هەیكەل و كەرەستەكان:-    (Ewing,  conncil,2010)**

بە گشتی ئامانج لە دیزاینی شار لە بنەرەتدا دروست كردنی پەیوەندی یە لە نێوان خەڵك و شوێن ، لە نێوان جوڵە و هەیكەلی شار هەروەها و لە نێوان سروشت و پێكهاتەی دەست كردنی مرۆڤ لە ناو شار دا، بۆ ئەم مەبەستە دیزاینی شار بەلێك گرێدانی بنیاتنانی شوێنەكان، رێكخستنی ژینگە، یەكسانی كۆمەلایەتی و توانای ئابووری هەولێ خۆی دەخاتە گر بۆ بنیاتنانی كۆمەڵە شوێنێك بە شوناس و جیاوازیەكی زۆرە وە دیزاینی شار لە رێگەی ئەم گرێنەوە ، ئاسۆیەك دەخاتە بەرچاو بۆ ناوچەیەكی تایبەت و لە دواجار دا كەلك وەردەگرێ لە سەرچاوەوە توانای پێویست بۆ بەردەوامی دان بەو ئاسۆیە.

ئامانجی دیزاینی شار بریتی یە لە ئاراستەكردنی شوێنە گشتیەكان و پسپۆریەكەشی تایبەتە بە فەزا و ژینگەی شار، دەیەوێت بە ڕەچاوكردنی تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی ، نەتەوەیی مێژووی دانیشتووان و هەڵومەرجی رواڵەت و هەیكەلی شار، فەزای شار بخاتە خزمەت خەڵكەوە و جگەلە دابین كردنی لایەنی خۆشگوزەرانی، بۆشایی دەرونی و سوزداری دانیشتووانی شاریش پڕ بكاتەوە ،

دیزاینی ژینگەیەکی مرۆڤانەیە بۆ دانیشتوانی شار ، دیزانی مرۆڤانەش کاتێك دێتەدی کە بوار بدات بە بەژداری خەلك ، بەرپرسان و پسپۆران لە پرۆسەی بریاردان ، بە داخەوە لە دیزانی شار دا بەگشتی بایەخ نەدراوە بەویستی خەڵك و خەڵك تەنیا لە دوورەوە سەیری پرۆژەکانیان کردووە و دیزاینەر و پلاندانەران لە جیاتی ئەوان بریار دەدەن (بعرینی ،1389 اقایی و دیگران 30: 139)

ئامانجی سەرەکی دیزاینی شار ، هاندانی کۆمەڵە ئامانجێکی ترە کە بۆ کۆمەڵگا پێویست ترن، یا بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگە هزرییانەن کە گیرۆدەی شارە هاوچەرخەکانە ئەم ئامانجانە بریتین لە: پەرەپێدانی شار، پەرەپێدانی ئابووری ، بایەخدان بە ژینگە ئەم دیزاینە بایەخ دەدا بەناوەڕۆك نەك بەرواڵەتی شار، دیزاینی شار بەرزکردنەوەی ئاستی شارە لە رووی چۆنایەتییەوە واتا پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی شار نەك چەندایەتی ، ئەوەی کە ئاشکرایە چۆنایەتی ژیان بەستراوەتەوە بە رۆلی ژینگەی دەستکردنی مرۆڤ، تا فۆرم و روڵەت پرۆژەکانی دیزاینی شار دەبێ لە سێ پرۆسەی پێکبێنن ، پرۆسەی یەکەم پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەی دووەم پەرەپێدانی ئابووریی یە و بەرزرکردنەوەی ئاستی چۆنایەتی ژینگەی دەست کردی مرۆڤە لە شارەکاندا ، دروست کردنی شوناسی کەڵتوری ،چالاکی ، ڕووداوەکان، پلان دانان و خزمەتگوزاری لە دیوی دەرەوەی شاردا ، دیزاینی دشار پارێزگاری دەکا لە ژینگەی شار و بەرزرکردنەوەی ئاستی لە رووی چۆنایەتیەوە یا خۆ دەسەپێنی بە یاساو پاساوی ئابووری و سیاسیەکانەوە(Madanipour,2004).

## ٦-بوارەکانی دیزاینی شار

### أ-سەوزایی لە دیزاینی شاردا

سەوزایی لە ناو فەزایی شاردا خاڵێکی زۆر گرنگە کە بەرپرسانی شار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوانی شار دەکەن ، کۆلەگەیەکی گرنگی بنەمای کۆمەڵایەتی دیزاینی فەزای سەوز لە ناو شاردا ، ئەوەیە کە بەشێوەی دادپەوەرانە بۆ هەموو گەرەکانی شار بێ سەوزایی بریتی یە لە پارك ، دارستان، فریز ، دار و هەرووەاوە باخچە و داری ناو ماڵان .

دیزاینی فەزای سەوزیشار لە درێژخایەندا کاریگەی پۆزەتیفی دەبێ لەسەر ئابووری شار، بۆ نموونە دەبێتە مارکەیەکی گرنگ بۆ شاریان نزمی زەوی بەرز دەکاتە وە لەو شوێنانەی نزیکن لە فەزای سەوز فەزای سەوزی شار دەبێتە مارکەیەکی گرنگی بازرگانی بۆ ناوشار دەبێتەهۆی راکێشانی کۆمپانیاکان، کرێکاران و گەشتیار، توێژینەوەك لەکەندا کاریگەری ئابووری سەوزایی لەسەرشار پشت راست دەکاتەوە کە پارك دەستە شوێنێکی گرنگ بۆ راکێشانی گەشتیار.(janson,2014)

دەکرێت ئاماژە بکەین بە دەریاچەو شینایی شاری گاردا لەئیتالیا ساڵانە 100 ملیون یۆرۆ داهاتی هەیە بۆ شارەکە(توتارۆ دێ سالۆ، 2010)

سەوزایی لە ناوشاردا کاریگەری لەسەر تەندروستیش هەیە تەمەن درێژ دەکاتەوە، ئاسوودەیی و روحی و جەستەیی ، توانای فێربوون و گەشەی منداڵ زیاتر دەکات کە ئەمانە هەموویان کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی بەردەوامی کۆمەلایەتی و ئابووری ، سەوزایی لە ناوشار وا دەکات منداڵ حەز لە شوێنەکە بکات لە رووی جەستەیی و روحییەوە زیاتر گەشە بکات لە شارەکان دەکرێ لەرێ سەوزایی وە پێش لە قەلەوی منداڵ بگرین(Liu,etal,2007)

### ب-گەشتیاریی

گەشتیاری بریتییە لە گەڕان و سەردانی خەڵك لە شوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی پێشوودان و رابواردن کە ماوەی گەشتەکە بەپێی پێناسەکان جیاوازە. هەندێك دەڵێن نزیکەی ساڵێکە.

پێناسەیەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە گەشتیاری بریتی یە لە کۆمەڵێك چالاکی تایبەت بە گەشتیار، یا کۆی ئەو چالاکیانەی گەشتیار لە ماوەی گەشتەکەیدا بۆ شوێنی مەبەست ئەنجامیان دەدا. کەواتە تایبەمەندی سەرەکی گەشتیاری یەکەمجار دوور کەوتنەوەیە لەشوێنی خۆت بۆ شوێنێکی دوورتر و لە دواجار دا مانەوەیەکی کورتخایەنە کە رەنگە لە شەوێکیش کەمتر بێ(Estelajietal,2012:20)

شار لە رووی کۆمەڵایەتی ، کەلتوری ، ستاتیکا و هەیکەلەوە دەبێتەسەرچاوەیەکی گرنگی گەشتیاری ، شارێکی سەرەنج راکێش گەشتیاری زۆر رادەکێشی و دەکرێت لەم سەرەنج راکێشیەش بکاتەوە بناغەیەکی بەهێزی ئابووری گەشتیاری ، گەشتیاری شار رۆڵی گرنگی هەیە لەبەردەوامی کۆمەڵایەتی شاردا ، ئامانجی گەشتیاری شار بەرزکردنەوەی ئاستی خۆش گوزەرانی شاردا لەرێ پەرەپێدانی ئابووری و ئابووری و کۆمەلایەتیش بەش بە حاڵی خۆیان دەبنەهۆی بەهێز کردنی لایەنەکانی دیکە بەردەوامی لەشاردا)

### ج-ئابووری:

ئـابووری شـار بەگشـتی خوێنـدنەوەی ئـابوری شـارە بە پێوەرەکـانی ئـابووری خەرکـی شـارە بە پێوەرەکـانی ئـابووری خەرێکـی شـیکردنەوە پەرسـەکانی شـارە ئـابووری شـار وەك لقێکـی ئـابووری دیراسـەکی پێکهـاتەی فەزای شـار و شـوێنی ژیـانی خێـزان و کۆمپانیاکـانە، ئـابووری شـار لقێکـی زانسـتی ئـابووری یە کە ئـابووری زانەکـان و پسـپۆرانی جوگرافیـا ئـابووری هەوڵ دەدەن بـۆ چارەسەری کێشەکانی شار پەیوەدانێکی زانستی ئابووری . لەو پرسانەی ئابووری شار بایەخیـان پـێ دەدا ، دەکـرێ ئامـاژە بکەیـن بەو پرسە گرنگەی کە چۆن و بۆچی کالا و خزمەتگوزاری لەشاردا بەرهەمر و دابەش دەکرێ.

**د.- جوگرافیا:**

جوگرافیا زانستی دراسەی شوێنە و جوگرافیای شاریش بەو دوایانە بۆتە لقێکی ئەو زانستە، زانایانی جوگرافیا شار رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە دیمەنی شار ، دیزاینی شار و پلاندانانی شاردا(Gnoth,2005:738-748).

به کورتی بوارەکانی دیزاینی شار شێوازی دیزانینی شار دیاریدەکات لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە.

## 7- ئەنجام و راسپاردەو پێشنیارەکان

### 1-7 ئەنجامەکانی تویژینەوەکە:

أ-بنەما کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کلتورو دانیشتوان و پەیوەندیەکان بە بنچینەی دیزاینی هەر شارێک دادەنـرێن و رەچاونەکردنیـان کاریگەری نەرێنی دەبێ لەسەر رەفتاری شارنشینان ,

ب-دیمەنە کلتوروهێمای کلتوری هەر کۆمەڵگایەک دەبنە ناسنامەی شارەکان و بێ زەقکردنەوەی ئەمانە لە دیزاینی هەر شارێکدا ،ونبونی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵگایەیە.

ج- سەوزایی لە ناو فەزایی شاردا خالێکی زۆر گرنگە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوانە لە شاردا.

د- شار گرنگترین شوێنی نیشتەجێبوونی مـرۆڤە، بەرزبـوونەوەی رێـژەی شارنشـینیش گـرنگترین لایەنـی گۆرانکـارین لە ئاسـتی جیهاندا ، یەکێك لە گرنگترین کێشەکانی ئەمرۆکە ، بەرفراوانبوونی شارەکانە کە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتووانە .

### 2-7 راسپاردەو پێشنیارەکان:

أ-لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا گرنگی بە بـابەتی دیزاینـی شـارو بنەمـا کۆمەلایەتیەکـان بـدرێت, بە تـایبەت لەمر قۆنـاغەدا هەرێمی کوردستان بە گەشەی شارنشینیدا تێدەپەرێت.

ب- زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەبەرچاو بگیرێت و بەرنامەی زانستی بۆ دابنرێت.

ج- لە دیزاینـی شـارەکاندا رەچـاوی ئەو خزمەتگوزاریـانە بکرێـت کە لە ئاینـدەدا دەبـنە یەکێـک لە پێداویسـتیە سـەرەکیەکانی شارنشینان.

## سەرچاوەکان:


**سەرچاوەکی کوردی:**

- جبار ،شەهلا ولی ،2009، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی گرفتی نیشتەجێبوون لەشاری هەولێر توێژینەوەیەکە کـۆمەڵایەتی مەیـدانیە لە شـاری هەولێـر ،نـامەی ماستەر بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب ، زانکۆ سەلاحەدین هەولێر.
- جبار،شەهلا وەلی،2019 شێوازی ژیان لە شارەنوێکانی نیشتەجێبوون توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە گەرەکـی نوێکـانی شـاری هەولێـر بەشـی کۆمەڵناسی ، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.
- شوانی،هیوا ئەمین جەلال،2007، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیـا، کـۆلێژی ئـاداب زانکۆ سەلاحەدین هەولێر
- عبدالجواد،ئەحمەد رەئفەت،2020: بنەماکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێرانی توانا فەریدون حسین ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مێخەك.
- ئیسکلۆپیدیای هەولێر،2009، جوگرافیا، لێژنەی بالای ئامادەکار ،چاپخانە گرین گالۆری ، لوبنان ،چاپی یەکەم .
- سەرچاوەکی عەرەبی:
- سمث اتلين،1971: ترجمة د. محمد السيف الدين غلاب ، فؤاد اسكندر، نشر مؤسسة فرانكلين الطباعة والنشر القاهرة- نيورك.
- الجلبي .على عبدالرزاق ،بدون سنة،علم الاجتماع ، دار النهضة العربية.
- صفراء ، وزين العابدين على ، ٢٠١٥: تخطيط المدن (أسس والمفاهيم. وتطبيقات) جامعة كركوك، مكتبة دجلة .
- عوف، دكتور مهندس احمد صلاح الدين، ٢٠٠٢ :لمقدمة في التصميح العمـراني، اسـتاذ التصـميم العمـراني، قسـم الهندسـة للعماريـة ، كليـة الهندسـة بجامعة القاهرة مطبعة الزهراء
- مكرم محمد قدري احمد عباس ، ٢٠٠٨:الأمان الحضري التصميح العمراني من وجهة نظر المرأة ، حالة دراسية مدينة نابلس، جامعة النجاح الوطنية كلية الدراسات العليا. رسالة ماجستير، في الهندسة المعمارية نابلس ، فلسطين

- المشهد العمد و مجيد يحيى ، ٢٠١١: معايير التصميم الحضري ومؤثراته في تحقيق الأمن في المناطق العمرانية الجديدة دراسة حالة ، أطروحة الدكتوراه ، جامعة حلوان ، كلية الهندسة بالمطرية سم الهندسة المعمارية ،
- الحكاوي،وجدة شكر ،2017: جامعة التكنلوجية قسم هندسة العمارة ، مرحلة الرابعة، القاهرة، مصر
- دكتور مهندس احمد صلاح الدين عوف ٢٠٠٢: المقدمة في التصميح العمراني، استاذ التصميم العمراني، قسم الهندسة للعمارية ، كلية الهندسة بجامعة القاهرة مطبعة الزهراء
- سەرچاوەکی فارسی:
- آتشینبار، محمد، 1388، تداوم هویت در منظر شهری. باغ نظر،
- بحرینی، سید حسین، ایزدی، محمدسعید و مهرانوش مفیدی، 0933 ،رویکردها و سیاستهای نوسازی شهری)از بازسازی تا بازآفرینی شهری پایدار(، فصلنامة مطالعات شهری، سال سوم، شمارهٔ 01 ،
- پور احمد، احمد، وفایی، ابوذر(1393) مقایسه تطبیقی ساختار شهر اسلامی با شهر غربی(با تاکید بر نظریه شهر ماکس وبر)، فصلنامه مطالعات شهر ایرانی اسلامی، شماره 18
- پوراحمد، احمد، زیاری، کرامت الله و حسین حاتمی نژاد ( 1397 ) تحلیلی بر ماهیت فضای عمومی در پروژه های بزرگ مقیاس گردشگری شهری براساس نظریة تولید اجتماعی فضا ( مطالعة موردی: شهر تهران ) «، گردشگری شهری، دورة پنجم، شماره 2،
- چندلر، دانیل، 1387، مبانی نشانه شناسی، ( مهدی پارسا )، زیر نظر فرزان سجودی. تهران: سوره مهر،
- دینی، کیت، 1391، یادسازی شهری، نظریه ها و موارد، ( محمدرضا رستمی ). تهران: سازمان زیباسازی شهرداری تهران.
- ساوج، مایک و وارد، آلن؛ جامعه‌شناسی شهری، ابوالقاسم پوررضا، تهران، سمت، 1387، چاپ ششم،
- شیعه، اسماعی ، (1392) مقدمه ای بر مبانی برنامه ریزی شهری«، چاپ سی و سوم، تهران، انتشارات دانشگاه علم و صنعت ایران.
- صادق فلاحت، محمد، نوحی، سمیرا ، ماهیت نشانه ها و نقش آن در ارتقای حس مکان فضای معماری.هنرهای زیبا ،شهرسازی و معماری،
- علیخواه، فردین و معصومه شادمنفعت ( 1395 ) عشاق و شهر ( مطالعهای در باب جوانان و فضاهای عمومی در شهر رشت»)، فصلنامة تحقیقات فرهنگی، دوره نهم، شمارة 1 ،
- فکوهی، ناصر ، 1383، انسان شناسی فرهنگ. تهران: نشر نی .گات، بریس. مک آیور لویس، مک ، 1384، دانش نامه زیبایی شناسی، ترجمه منوچهر صانعی درهبیدی، امیرعلی نجومیان، شیده احمدزاده، بابک محقق، مسعود قاسمیان، فرهاد ساسانی. تهران: فرهنگستان هنر،.
- فکوهی، ناصر؛ انسان‌شناسی شهری، تهران، نی، 1383،
- فنی، زهره. 1388 .بررسی ابعادی از تحولات جغرافیای فرهنگی شهر ( مطالعه موردی: مناطق 1 و 12 شهر تهران)، پژوهشهای جغرافیایی، شماره 68 ،تابستان 1388 ،
- گات، بریس. مک آیور لویس، مک، 1384، دانش نامه زیبایی شناسی، ترجمه منوچهر صانعی درهبیدی، امیرعلی نجومیان، شیده احمدزاده، بابک محقق، مسعود قاسمیان، فرهاد ساسانی. تهران: فرهنگستان هنر،.

**سەرچاوەکی ئینکلیزییەکان:**

- Bahraini, Seyyed Hossein, Karimi, Keyvan, 2002 Environmental Program for Land Development, Tehran University Press, TehranPahizkar, Akbar, Ghaffari Gilandeh, Atta, Urban Waste Survey of Najaf Abad City, 2006
- Barnett, C. 2003. Culture and democracy: media. Space and Representation, Edinburgh University Prees
- Carmona Matthew (2010), Steve Tiesdell, Tim Heath, Taner Oc Public places - urban spaces Elsevier Ltd, Oxford (2010)
- Cavaye, Jim. (2004) Social Capital: a Commentary on Issues, Understanding and Measurement,
- community Development, Australia/ www.obspascal.com/ reports/2004/cavaye.html
- Estelaji Alireza, Sadeghian Hadi, Beyhaghi Zahra (2012) The Role of Urban tourism to achieve Urban sustainable development, International Journal Of Geology, Issue 1, Volume 6.
- Ewing, R "Growing Cooler - the Evidence on Urban Development and Climate Change" Archived 2010-12-24 at the Wayback Machine. Retrieved on: 2009-03-16.
- Ewing, R "Growing Cooler - the Evidence on Urban Development and Climate Change" Archived 2010-12-24 at the Wayback Machine. Retrieved on: 2009-03-16.
- Flower, P.J. (2003) World Hertaige cultural Landscapes, Paris: Unesco world Heritage center,p18-20
- Friedrich, S. (1998)."Spatial Aspects of Cultural Identity and Social Segregation", TAN2 Conference Report "Cultural Identity and Spatial Segregation; 5-8 Nov 1998.
- Heijs W., Carton M., Smeets J. & Van Gemert A. (2009), "The Labyrinth of Life-Styles", Journal of Housing and the Built Environment, 24, pp. 347-356. DOI : 10.1007/s10901-009-9147-z
- Jansson Märit (2014)Green space in compact cities: the benefits and values of urban ecosystem services in planning, Nordic Journal of Architectural Research 2, 139-160
- Liu, G.C., Wilson J.S., Qi, R. and Ying, J., 2007. Green neighborhoods, food retail and childhood overweight: Differences by population density. Health Promotion, 21(4), pp. 317–325

- Madanipour, Ali(2006) Roles and Challenges of Urban Design, · Journal of Urban Design 11(2):173-193: DOI:10.1080/13574800600644035
- McBreen J. Gennaro Di Tosto, Frank Dignum, Gert Jan Hofstede (2011)Linking Norms and Culture, Content uploaded by Frank Dignum.
- Momford, L. 1938. The culture of the city (harmonds worth: penguin) - McPherson, E.G., Nowak, D.J., Rowntree, R.A., 1994. Chicago's Urban Forest Ecosystem: Results of the Chicago Urban Forest Climate Project. General Technical Report NE-186, US Department of Agriculture, Forest Service.
- Olsen D.G. 1986. The city as work of art (London: Edward Arno,p280
- Pratt, Andy C (2014) Cities: The cultural dimension, this review has been commissioned as part of the UK Government's Foresight Future of Cities Project. The views expressed do not represent policy of any government or organization.
- Rapoport, A. 1977. Human Aspectsof Urban Form. Pergamon press,p9-14
- Robertson, I & Richards, P. (2003). Studying Cultural Landscapes. London: Arnold,p48

**أسس الاجتماعية لتصميم المدينة و خصائص و مجالها**

**دراسة نظرية و تحليلة**

**سارة سامي كردي**
قسم علم الأجتماع، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين-
اربيل
sarah.hamad@su.edu.krd

**محمد حسين شواني**
قسم علم الأجتماع، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين-
اربيل
mohammed.mohammed1@su.edu.krd

**ملخص**

يعتبر موضوع الآسس الآجتماعية و دورها في تصميم المدن من الموضوعات المهمة ، والتي يهتم بها العلوم الهندسية و الآجتماعية ، لعلاقته القوية بحياة سكان المدن و الحضريين و تحدد سلوكهم الى حد ما، ان هذا البحث المعنون (الآسس الآجتماعية لتصميم المدن ، خصائصها و مجالاتها) دراسة نظرية تحليلية ، يتكون البحث من فصلين ،في الفصل الآول ألقي الضؤ علة الآسس الآجتماعي مثل الثقافة و حجم السكان و العلاقات الآجتماعية، أما في الفصل الثاني وضح عناصر التصميم المدينة و خصائصا مع بعض الآمثلة على التطور التاريخي لبعض المدن.

**الكلمات المفتاحية:** الاسس الآجتماعية، تصميم المدينة الثقافة ، المظاهر الثقافية، الرموز الثقافية)

**Social Principles of Urban Design and it is Field and Characteristics**

**An Analytical Theoretical Study**

**Sarah Sami Gardi**
Department of Sociology, Collage of Arts,
Salahaddin University-Erbil
sarah.hamad@su.edu.krd

**Mohammed Hussein Shwany**
Department of Sociology, Collage of Arts,
Salahaddin University-Erbil
mohammed.mohammed1@su.edu.krd

**Abstract**

The subject of social foundations and their role in designing cities is considered one of the important topics that engineering and social sciences are interested in, because of its strong relationship with the lives of urban and determines their behavior to some extent. This research, entitled (The Social Foundations for Designing Cities, Its Characteristics and Fields), is a theoretical and analytical study. The research consists of two chapters, in the first chapter shed light on the social foundations such as culture, population size and social relations, while in the second chapter it explained the city design elements and characteristics with some examples of the historical development of some cities.

**Keywords:** social foundations, city design, culture, cultural manifestations, cultural symbols.